# ڕەهەندە دژەبندەستییەکانی بزووتنەوەی مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شاهۆ زەنگەنە

”

به باوەڕی من بزووتنەوەی مامۆستایان کاتێک دەتوانێ بەرەو ڕزگاری هەنگاو هەڵگرێ کە داواکاریی کەسانی بندەست لەبەر چاو بگرێ. مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر باش لەوە تێگەیشتوون کە پەروەردەی ئێران لە خزمەت بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی ئێرانیدایە و لە ماوەی چەندین دەیەدا ئەم پەروەردەیە لەگەڵ دوو بیرۆکەی تری نیولیبراڵیزم و ئیسلامی سیاسی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش یەکیان گرتووەتەوە. واتە پەروەردەی ئێران وەک باڵێکی گرنگی دامودەزگای ئایدیۆلۆژیی ئێرانی دەیەوێ مرۆڤی کورد بچەوسێنێتەوە و لە ناسنامەی خۆی بێگانەی بکا.

“



کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان لە چەند دەیەی رابردوودا پێگەیشتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە: لە چالاکی ژینگەپارێزییەوە بگرە هەتاکوو دەرکەوتنی ژنان لە فەزای گشتی، لە بزووتنەوەی خوێندکاری لە زانکۆکانەوە بگرە تا دەنگی بوێرانەی مامۆستایان بۆ پێداگری لە بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی کوردستان. ئەگەرچی ناکرێ هەڵکشان و داکشانی هەر کامیان بەتەواوی لە بزووتنەوە هاوشێوەکانی لە کۆمەڵگای ئێرانی جیا بکەینەوە، بەڵام بەڕوونی دیارە چالاکانی هەر کام لەم بزووتنەوانە ژیرانە ئاگاداری بەستێنی کۆمەڵایەتیی کوردستان و داواکارییەکانی خەڵکی کوردن و دەیانەوێ سەربەخۆیانە هەڵسووکەوت بکەن.

چاودێرانی سیاسی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی کاتێک سەیری کۆمەڵگای ئێرانی دەکەن گلەییان لە پرش و بڵاوی بزووتنەوەکانیان هەیە و باس لە لەمپەرە پێکهاتەییەکان دەکەن کە نەیهێشتووە ئەم بزووتنەوانە داواکاریی هاوبەشیان هەبێ. بۆ نموونە، پێیانوایە لەمەڕ یەکگرتنەوەی مامۆستایان، خوێندکاران و کرێکاران بەربەستی جیددی هەیە، بەڵام کە سەیری کوردستان دەکەین بۆمان دەردەکەوێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بزووتنەوە مەدەنییەکان زیاتر لە جاران لێک نزیک دەبنەوە. هەر بۆیە لێرەدا سەرەتا دەمەوێ باس لەوە بکەم کە داواکارییەکانی بزووتنەوەی مامۆستایانی ڕۆژهەڵات چین و بۆچی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ بزووتنەوەکانی دیکەی کوردستان یەکدەگرێتەوە.

ئەگەر سەیری داواکارییەکانی بزووتنەوەی مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، دەبینین کە سەرەڕای ئەوەی لەو بزووتنەوەیەدا بەدرووستی باس لە مافەکانی مامۆستایان لە ڕووی مووچە و بژێوی ژیان دەکرێ، بەڵام هەروەها لەسەر هەندێک داواکاریی دیکە

وەکــوو خوێندن بە زمانــی دایک، خوێندنی زمانی کوردی، دابینکردنی پەروەردەی شیاو، گشــتی و بێپارە لانیکەم تا ئاســتی دیپلۆم، بەربەرەکانێ لەگەڵ هاوســەرگیریی منداڵان و، هەروەهــا بەرپرچدانــەوەی کاری منداڵان پێداگــری دەکرێ. لێرەدا هــەوڵ دەدرێ بە شــیکردنەوەی هەر کام لــەم داواکارییانە لە مەبەســتی زیاتری ئــەم بزووتنەوەیە نزیک ببینەوە.

داواکاری ســەرەکی مامۆســتاکان لــە دەوری بژێــوی ژیــان کۆ بووەتــەوە و ئەمە ئاماژە بــە خراپتربوونی ڕۆژ لــە دوای ڕۆژی ژیانی مامۆســتایان دەدا. بەپێی بەراوردەکان مووچــەی مانگانەی مامۆســتایانی فەرمی لە ئێــران لە نێــوان ١٥٠ تــا ٣٠٠ دۆلارە. ئەم مووچەیــە بۆ مامۆســتایانی بەشــی کەرتی تایبەت نزیــک ١٠٠ دۆلارە و هەندێک جار تەنانەت تا ٥٠ دۆلار کەم دەبێتەوە. ئەگەر ئەم مووچە کەمە لەگەڵ کەمترین ئاستی مووچە لە وڵاتانــی یەکێتیی ئەورووپا بەراورد بکەین کــە ١٨٠٠ دۆلار لە وڵاتی ســلۆڤاکییە (لە لۆکزامبــورگ تا ٩٠٠٠ دۆلار بەرز دەبێتەوە)، دەبینین مامۆستایان چەند بە دژواری دەتوانن شتومەکی سەرەتاییی ژیان دابین بکەن. ئەمە لە کاتێکدایە نە بیمەی دەرمانێکی باشــیان هەیە و نە یارمەتییەک بۆ کڕی ماڵ. هەر بۆیە مامۆســتاکان ناتوانن یارمەتیدەری گەشەی بەردەوامی منداڵان وەکوو یەکێک لە ڕێســا بنەڕەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بن.

مامۆســتایان دەزانــن بۆ گەیشــتن بە ئامانجەکانی پەروەردەیەکی سەردەمیانە دەبێ قۆناغەکانی خوێندن بۆ هەموو خوێندکارەکان بێبەرانبــەر بــێ. واتــە بــۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی و گەیشتن بە عەدالەتی پەروەردەیــی، دەبێ لە هەموو شــوێنەکانی کوردســتان (بە گوند و شــارەوە) دەرفەتی خوێندنگەی شیاو، کتێبخانە، تاقیگە، وەرزش و مامۆســتای پەیوەندیدار بۆ خوێندکارەکان بڕەخســێ. بــەڵام بەتایبــەت دەزانیــن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم لایەنەوە کەمترین ئیمکاناتی بۆ تەرخان دەکرێ. هەروەها لەبەر سیاسەتی پەروەردەیی هەڵە، خوێندنی تایبەت و بە پارە ڕوو لە هەڵکشــانە و خوێندکارەکان لە قۆناغــی پێــش تاقیکردنــەوەی زانکۆدا (کۆنکــور) ناچارن پارەیەکی زۆر بۆ دەرچوون لە بواری دڵخواز و زانکۆ باشــەکاندا تەرخان بکەن کە زۆربەی جار دەبێتە هۆی بارقورسی بــە ســەر بنەماڵەکانەوە. ئەم سیاســەتانە لە کوردســتان لایەنێکی گرنگی هەیە کە خۆی لە سیاســەتی کۆلۆنیالیستیی ئێران لە ئاست کوردســتاندا دەبینێتەوە. بەپێی ئایدیۆلۆژیی ئێرانی کوردســتان دابینکەری وزەی نەوت و گاز و سەرچاوە سرووشتییەکانی وەکوو ئاو و کانزاکانە. سەرەڕای سیستەمەکانی تاڵانکردنی کوردســتان، پێکهاتــەی دەوڵەت لــە ئێران پێویســتی بە مرۆڤی کــورد هەیە کە وەک هێزی کاری هەرزان بۆ گەشەی ئێران کەڵکی لێ وەرگرێ. ناســیۆنالیزمی ئێرانی کە لەسەر بنەمای سەروەریی قەومی فارس بنیات نراوە و، نەتەوەی کورد وەکوو بندەست هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. بۆ شاردنەوەی ئەم پەیوەندییە کۆلۆنیالیستییە دەبێ مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو ئایدیۆلۆژییە بشاردرێتەوە. بەڵام نەتەوەی سەردەست دەیەوێ سەرەڕای ئەوەی نەتەوەی بندەست بچەوسێنێتەوە، خوازیاری ئەوەیە کە بندەستەکان بە مەیلی خۆیان هاوکاری بکەن و تەنانــەت بەها و بایەخە ئەخلاقییەکانی ئەو پەســەند بکەن. بۆیە کۆلۆنیالیزمی وەخۆگری ئێرانــی، کورد دەکاتە بەشــێکی داگیرکراوی کولتووری لە ناوخۆیدا، تا بیتوێنێتەوە. چونکە ئەگەر کورد بە ئاگایی بگا کە دەچەوسێتەوە و لە مافەکانی بێبەری کراوە، چیتر ئەو ستەمە قەبــوڵ ناکات. بەڵامی ناســیۆنالیزمی ئێرانی واوەتــر دەچــێ و دەیەوێ کــورد نەک بەو ئاگاییە نەگا، بەڵکوو هەروەها بە مەیلی خۆی دۆخی بندەستی بەرهەم بێنێتەوە و داکۆکیی

له بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی سەردەست بکا.

ئەگەرچی بەپێی دەستووری بنچینەیی ئێران خوێندنی زمانی کوردی یاسایییە، بەڵام حکوومەتەکانی ئێران نەک ڕێگەی پێنەداوە لە پەروەردەدا ئامادەکاری بۆ بکرێ، بەڵکوو تەنانەت تا ئەم چەند ساڵەی دواییش بەرەورووی هەر چالاکییەکی فێرکاریی زمانی کوردی بوونەتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا دوای پێداگریی بەردەوامی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها گۆڕانکارییە ناوچەییەکان لەمەڕ پرسی کورد، دەوڵەتی ئێران پەنای بۆ جۆرێک لە ڕەوابینینی کۆنترۆڵکراو بردووە کە تیایدا ڕێگە دەدرێ زمانی کوردی لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بخوێندرێ. ئەگەرچی ڕێکخراوە مەدەنییەکان کەڵکیان لە مامۆستای خۆبەخش وەرگرتووە و لە ئیمکانات و پێداویستییە پەروەردەییەکانی ئێران بێبەشن، بەڵام تەنانەت هەر ئەمە بە ڕەوا نەزانراوە. لە ماوەی ڕابردوودا بینیمان کە زیندانیکردنی دوو مامۆستای خۆبەش (زارا محەممەدی و کیومەرس لەتیفی) ئاستی دژایەتیکردنی ڕژیمی لەمەڕ فێرکاریی زمانی کوردی بەڕوونی دەرخست. هەر لەم ڕووەوە، مامۆستایانی خوێندنگەکانی سەقز، بانە، سنە، دیواندەرە، پاوە و مەریوان هەر کام لە لای خۆیانەوە هەندێک کتێب و ناملیکەیان بۆ فێرکاریی زمانی کوردی لە کاتی وانەی ئازاد لە دەرسی ئەدەبیاتی فارسی لە خوێندنگە سەرەتاییەکان ئامادە کردووە. هەڵبەت ئێستاکە مامۆستاکانی ڕۆژهەڵات بەو ئەنجامە گەیشتوون کە خوێندنی زمانی دایک چارەسەری کێشەکانی پەروەردە لە کوردستان نییە و دەبێ خوێندن بە زمانی کوردی بێ. چونکە ئەگەر منداڵی کورد نەتوانێ بە زمانی خۆی بخوێنێ و بیربکاتەوە لە سەرەتاییترین مافی مرۆییی خۆی بێبەش کراوە. ئەگەرچی دەسەڵاتی پاوانخوازی ئێرانی دەیەوێ لەم ڕەهەندەدا داواکاریی مامۆستایان بە فێرکاریی زمانی کوردی کورت بکاتەوە و تەنانەت بەرپرسیارەتی یاسایی ئەو فێرکارییەش لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و چەندین جۆر کێشەی پێکهاتەیی بۆ ئەو فێرکارییە نافەرمییە ساز بکا، بەڵام داواکاریی بزووتنەوەی مامۆستایانی ڕۆژهەڵات بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێ کە دەبێ فێرکاری لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بە زمانی کوردی بێ. ئەمە لە کاتێکدایە وەزارەتی پەروەردەی ئێران یەکێک لەو مەرجانەی دەستنیشانی کردووە بۆ ئەوەی منداڵی غەیرەفارس برواتە ناو پرۆسەی خوێندنەوە، ئەوەیە کە تاقیکردنەوەی ئاستی پێویستی تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمانی فارسی لە قۆناغی باغچەی ساوایان بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنێت. لە هەمان کاتدا ساڵانە لە ڕێگەی ڕێنماییەکان و چاودێریکردنەوە مامۆستاکان ناچار دەکەن کە لەناو پۆلی خوێندن لە کوردستان بە فارسی قسە بکەن.

مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چارەسەری کێشە پەروەردەییەکان بەشێوەی جیا لە یەک نابینن و دەزانن کە کێشە و چارەسەرەکان پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان پێکەوە هەیە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەو شوێنانە بکەین کە دەرفەتی خوێندنی شیاو کەمتر بۆ هەموو کوڕان و کچان ڕەخساوە، دوو کێشەی بنەڕەتی ساز بووە: لە لایەکەوە بەجێهێشتنی خوێندن لەناو کچان زیاتر بووە و هەر ئەمە وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هاوسەرگیریی منداڵان ئەژمار دەکرێ. ئامارەکان نیشان دەدەن کە بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریی کچان و تەنانەت بەردەوامبوونیان لە خوێندن تا تەمەنی هەژدە ساڵ (وەرگرتنی دیپلۆم) ڕێژەی هاوسەرگیریی منداڵان کەم دەکاتەوە. هەروەها دەزانین کە یەکێک لە هۆکارەکانی جیابوونەوە و توندوتیژیی ناو خێزان لە ئاست ژنان بۆ کەمخوێندەواری و بەزۆر بەشوودانی کچان لە تەمەنی منداڵیدا دەگەڕێتەوە. کچێک

که خوێندەواری هەبێ زیاتر لەگەڵ مافەکانی خۆی ئاشنایە و نایهەوێ وەک ڕەگەزی دووەم و تەنانەت ستەملێکراو هەڵسووکەوتی لەگەڵدا بکرێ.

لە لایەکی دیکەوە، دواکەوتن و وازهێنان لــە خوێندن، بەتایبەت لــە کوراندا، یەکێک لە هۆکارە ســەرەکییەکانە کــە منداڵ ناچار دەکا بــەرەو بــازاڕی کار ڕەوانــە بکرێ. واتە ئــەو بنەماڵانەی کە لــە بــاری ئابوورییەوە دەستکورتن و لە لایەن پەروەردەوە پشتگیری ناکرێــن، منداڵەکانیــان لە خوێنــدن دوور دەکەنــەوە و هەر لــە تەمەنــی منداڵییەوە کاریــان پــێ دەکەن. ئــەم لایەنــە دەبێتە هۆی ئــەوەی منداڵ ســەرەرای ئەوەیکە لە پەروەردەی پێویســت بۆ ژیــان بێبەش بێ، بەڵکوو لە شــوێنی کار بــەرەورووی چەندین جــۆری توندوتیژی ببێتەوە. ئەگەرچی بەپێی یاســا کاری منــداڵان قەدەغەیە، بەڵام وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە هەموو شوێنێکی کوردســتان دەبیندرێ. پەروەردەیەکی لاواز و ئیدئۆلۆژیک ناتوانێ ژینگەیەکی ســەردەمیانە و ســەرنجڕاکێش بۆ منداڵان ساز بکا. ڕۆژانە مامۆستاکان ئەم دیمەنە تاڵە دەبینن: کاتێک خوێندنی ڕۆژانــە تەواو دەبێ، خوێندکارەکان وەک لــە زینــدان ڕزگاریان بووبــێ بە پەلە و بەوپەڕی کەیفخۆشــییەوە بــەرەو درگای خوێندگە هەڵ دێن تا لەو سیستەمەی ئەوانی یەخسیر کردووە ڕزگاریان بێ.

بەم شــێوەیە دەبیندرێ کــە داواکاریی بزووتنەوەی مامۆســتایانی ڕۆژهــەڵات تەنیا داواکارییــەک ســەبارەت بە بژێــوی ژیانی خۆیــان نییە، بەڵکــوو چەندیــن ڕەهەندی دیکــەش لەخۆ دەگــرێ. بــەڵام بۆچی من پێموایە کە ئــەم بزووتنەوەیە لە بزووتنەوەی هاوشــێوەی خۆی لە ئێــران یەکگرتووترە؟ واتە چــی وای لێ دەکا هەم مامۆســتایانی کورد تێگەیشــتنێکی قووڵتریان لە کێشەکان بــێ و هەم کۆمەڵگای مەدەنــی گرنگییەکی زیاتر بــە داواکارییەکانیان دەداتەوە؟ تەنانەت لە لایەکــەوە ئەم یەکگرتنــەوەی داواکاریی مامۆســتایانی ڕۆژهــەڵات لەگــەڵ خەباتی کوردایەتــی بووەتە هۆی ئــەوەی لە گرتن و ئەشکەنجەکردندا مامۆســتایانی کورد پشکی شــێریان لە لایەن ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە بەرکەوێ. لە لایەکی دیکەشــەوە کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان پشــتگیری تەواویان لە بزووتنەوەی مامۆستایان کردووە و بنەماڵەکانیش دەزانن مامۆستایان خەمی چی دەخۆن و بۆ دەنگی ناڕەزایەتییان هەڵبڕیوە.

بە باوەڕی من بزووتنەوەی مامۆســتایان کاتێک دەتوانێ بەرەو ڕزگاری هەنگاو هەڵگرێ کە داواکاریی کەســانی بندەســت لەبەر چاو بگرێ. مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر باش لەوە تێگەیشتوون کە پەروەردەی ئێران لە خزمەت بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی ئێرانیدایە و لە مــاوەی چەندین دەیەدا ئەم پەروەردەیە لەگــەڵ دوو بیرۆکەی تــری نیولیبراڵیزم و ئیسلامی سیاسی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش یەکیان گرتووەتەوە. واتــە پەروەردەی ئێران وەک باڵێکی گرنگی دامودەزگای ئایدیۆلۆژیی ئێرانی دەیەوێ مرۆڤی کورد بچەوســێنێتەوە و لە ناســنامەی خۆی بێگانەی بکا. هەروەها بەروونــی دیارە کە ناعەدالەتــی پەروەردەیی بــە بیانــووی بیرۆکــەی لیبراڵــی مافــی دەستڕاگەیشــتنی تاک بۆ پەروەردەی دڵخواز پــەرە بە کەرتــی تایبــەت دەدا. لە لایەکی دیکەوە، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دارشــتنی کتێبەکان و هەروەها پەروەردەی ئیدیۆلۆژیکی مامۆســتایان هــەوڵ دەدا پەرە بە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسیی پاوانخواز بدا. ئەمە لەگەڵ سروشتی فرەئایینیی کوردستان ناتەبایــە، چونکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان ئیماندارانی چەندین ئایین و ئایینزا دەژین و لە پەروەردەیەکی ســێکۆلاردا نابێ سەپاندنی ڕێســاکانی ئایینێکی تایبەت و بە سیاســی کردنی ئەو ئایینە ببێتە هۆی چەوساندنەوە و

پەراوێزخستنی مرۆڤەکان.

مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی پراکتیک بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو دەنێن کە چارەسەری ئەم کێشانە خەباتێکی مەدەنییە بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەم سیستەمی چەوساندنەوەیە بە ئامانجی خۆی بگا. گرنگیی بزووتنەوەکە لەوەدایە کە هەرکام لە داواکارییە نەتەوەیی (فێرکاریی زمانی دایک، خوێندن بە زمانی کوردی)، چینایەتی (خوێندنی شیاو و بێبەرانبەر، نەهێشتنی کاری منداڵان)، فێمێنیستی (گرنگیدان بە پەروەردەی کچان، نەهێشتنی توندوتیژیی لەبەرانبەر ژنان، پەروەردەی یەکسان بۆ کچان و کوڕان و سڕینەوەی هەڵاواردنی جێندەری)، سیاسی (ئازادی ڕادەربڕین، دابینکردنی پەروەردەیەکی سێکۆلار) لە چوارچێوەی بزووتنەوەی مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەگرێتەوە.

بۆ گەیشتن بە هەر کام لەم ئامانجانە پێویستە دەکا هیچ کامیان لەبیر نەکرێ. چونکە تەنیا لە ڕێگەی هاونرخکردنیان لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی دژەبندەستی دەکرێ بە ئامانجی کۆتایی، واتە ڕزگاری بگەین. واتە ناکرێ بوترێ کە سەرەتا با بژێوی ژیان دابین ببێ جا ئەوسا دۆخی پەروەردە باشتر دەبێ. یاکوو با خوێندنی زمانی دایک دەستەبەر ببێ جا ئەوسا بیر لە پەروەردەی یەکسان بکرێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارانە وا دێتە بەرچاو بزووتنەوەی مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم لە بزووتنەوە هاوشێوەکەی لە ئێران پێشکەوتووخوازترە و هەم بە شێوەی پراکتیک دەیەوێ جیاوازیی خۆی نیشان بدا. لە کۆبوونەوەکان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی دەبیندرێ کە درووشمەکان و داواکارییەکان لە ئاستێکی بەرزتردان و ئەو چەند ڕەهەندییەی کە لەسەرەوە باس کرا تیایدا بەدی دەکرێ.

تێگەیشتن لەوەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخی بندەستیدایە و وەک کۆلۆنییەک لە ئێراندا هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکرێ، ئەو تاڵەیە کە مووروووە ڕەنگاوڕەنگەکان لێک دەبەستێتەوە و داواکارییە بەرواڵەت لێک دوورەکان پێکەوە نزیک دەکاتەوە. مامۆستایانی ڕۆژهەڵات هەم بەپێی ئەزموون و هەم لە ڕووی فکرییەوە بەوە گەیشتوون کە سیستەمی پەروەردە لە ئێران بە شێوەیەک ڕێکخراوە کە تیایدا منداڵی کورد لە ڕووی نەتەوەیی، چینایەتی، جێندەری و سیاسییەوە بچەوسێتەوە. هەر بۆیە ساڵانێکە مامۆستاکان لە پۆلەکانی خوێندن هەوڵ دەدەن بەرەورووی ئەو لایەنە مەعریفییە کۆلۆنیالیستییەی ناو کتێبە دەرسییەکان بوەستنەوە. بیرۆکەی ڕزگاریخوازانەی کوردایەتی یارمەتیدەری مامۆستایان بووە کە تێگەشتنێکی قووڵیان لە ئامانجەکانی بەرنامەی شاراوەی ناو کتێبە دەرسییەکان، بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی ناو خوێندگە، بە بەسیجکردنی مامۆستایان و خوێندکاران هەبێ. واتە ئەگەرچی دەسەڵات لە ڕێگەی مێکانیزمە تایبەتەکانی خۆیەوە وەکوو "حراست و گزینش،" هەڕەشە و تۆقاندن، نزمکردنەوەی ئاستی دۆخی ژیانی مامۆستایان، ناوەرۆکی ئیدیۆلۆژیکی کتێبە دەرسییەکان، بەردەوام هەوڵیداوە هەم مامۆستایەکی گوێڕایەڵ و ترسنۆک ساز بکا و هەم خوێندکارێکی بندەستی کورد بەرهەم بهێنێتەوە، بەڵام هەر لە هەمان سەرەتاوە هەوڵێکی بەرەنگاری لەناو مامۆستاکانی کوردستان لەئارادا بووە تا لەبەرانبەریدا بوەستێتەوە. ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەبیندرێ بزووتنەوەیەک نییە کە لە چەند مانگدا و تەنیا لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی مامۆستایانی ئێراندا ساز بووبێ، بەڵکوو بزووتنەوەی مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەنجامی ڕێکخستنی هەوڵێکی دژەبندەستی و چەوساندنەوە ڕێکوپێکتر و ڕادیکاڵتر بووە.